

# بهێڵە با بڕۆم

بێ تووڕەیی

چارشێوێک بۆ هەورەکان

نەکا لە جیاتی دڵۆپەئاوەکان

بەرد وەکو کلووە بەرد

پاکیزەییەک بۆ گەڕەکە بێ خاوەنەکانی سنە

نەکا کۆترە سەییەکان

بێزو بە هێلانەی داگیرکراو

نابمە هاوبەشت

چ نارنجییە بووەتە نارجۆک

لە چەشنی نارنگی و پاییزە قوڕبەسەرەکانت

ئەم ئاویەریشە ئااای...

چ دار هەیە دەیکەمە گۆچان

بۆ خانووەکانی سنە

با نەشلێن بە تووڕەییەوە

لە تاو تەقینەوەیەکی ناکاو...

کە بیر لە کات دەکەمەوە

شیعرەکان دەئاڵێنە ناو قەدی

تفەنگەکانەوە

بە هەزاران هەزار دەستی

ئەم سێبەرە پیرە....

چەند خەیانەتی خەیانەت

لە ناوشانی ئەم خۆرهەڵاتە

ئاااخ گەورە ژنی ئاڵۆز

بە پرچێکی ماش و برنجییەوە

بە لەنجە لەنج و مەست

بەرەو کوێم دەبەیت

قژەکانم لە بادا

مەفرۆشە بە شەیتان

چەند مەنگ

ئەی پرچی ماش و برنجی





ئەم شیعرە پاییزیەم

دەکەمە ماچێک

لە نێو دەمی ئێوارەی رەش بەڵەکێکی سنەییانەوە

دەیتوێنمەوە

نەکا پاییز بمگرێت

بێز دەکەمەوە لە رێویە ماش و برنجییەکان

گەورە ژنیش بێت

رووی لە زەلکاو.....

شانەیەک دەدەمە دەستی ئاسمانەوە

با شانەم بکات

با پەمەییم بکات وەکو

تازە باڵق

شەوان دەبمە مەل

لە وێنەی زەردیوەرەیەکی نێو نیگات

بهێڵە با هەڵفڕم لە دەڤەری نارنجۆکستان

کێ لە ئەسپی با و بۆراندا سوارە

دەیهێنمە تەقاندن

بەرەو هەناسەی تەمینت

گوڵ پەمەییەکم

لە نێو شیعری پڕ پیاوت

چ شەو هەیە لە کردنەوەی قۆپچەکانم

با بڕۆم.....

با چارشێوێک.....

با کڵوە بەردەکان.....

چ دنیا هەیە لە چیاکاندا

بکەمە شۆڕەسوارێک.





## زێنەب یوسفی

- زێنەب یوسفی لە ڕۆژی بیستی بەفرانباری1343ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی سنەیی لەو کاتە دا باوکی لە نوێنەرایەتی فەرمانگەکەی بە خاو وخێزانەوە لە شاری بیجاڕدا بووە، زێنەب لەو شارە لەدایکدەبێ و پاش ماوەیەکی کورت باوکی ماڵ ومناڵی دەهێنێتەوە بۆ سنە.
- «هەر لە تافی منداڵیەوە حەزی لە دنیای خەون وخەیاڵ بووە، لە پۆلی دووی سەرەتاییدا، دوو چیرۆکی کورتی نوسیوە «خەتکوژێنەوە« و «قەڵەم تەراش».
لە ماڵەوە ژوورێکیان بوو بە نێوی «ژووری خوێندن»باوکی فێریکردون هەموو ڕۆژێک لەو ژوورەدا دوو کاتژمێر کتێب بخوێننەوە .
- هەر لە منداڵییەوە زۆر بە جیدی شیعری دەنووسیوە .
-لە تەمەنی19ساڵیدا، چیرۆکی»خوابهای پریشان کانی با»ی نوسی و دواتر لە ئەنجومەنە ئەدەبی وشانۆگەریەکانی سنەدا خوێنراوەتەوە.
- کە بە کوردی نوسی، چیرۆکن «خەونە پەشێوەکانی کانی با»ی کردە کوردی.
- پێش ئەوهی بچێتە ئەمریکا، لەگەڵ پووران فەڕۆخزاددا «خۆشکی فروغ»ئاشنابووە. پووران زۆر حەزی لە چیرۆکەکانی دەکرد و داوای لێکردوە چیرۆکێکی بۆ بنێرێت، تاکو لەو کتێبەدا کە لە گەڵ مەنسوورە شەریفزادە خەریکی ئامادەکردنی بوون، بە ناوی «بیست داستان از بیست نویسندەی زن ایرانی»لە 1374 دا بڵاوبووەوە.
-لە ئەمریکا خوالێخۆش بوو «ئەژی گۆران» چەندین چیرۆکی منی کرد بە کوردی و لە گۆڤارەکانی سلێمانیدا بڵاویکردبوونەوە،ئەمەش بووە هۆی دڵگەرمیم و دەستمکرد بە خوێندن ونوسینی کوردی لەگەڵ ئەوەی خوێندن و نوسینی کوردی لە سنە تازە بە جددی دەستی پێکردبوو.
-یەکەمین کتێبی کورتە ڕۆمانێکە بە ناوی»تامەزرۆی لەیلێ «ویەکەمین پەرتووکی ئەدەبی پۆستمۆدێرنی داستانیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە 1998 بڵاوکراوەتەوە.
-ئێستاش لە سنە و لە زانکۆی علمی کاربۆردیدا خەریکی خوێندنە لە رشتەی مودیریەتی خێزانیدا .
- خاوەنی چەند ڕۆمان و کۆ شیعرو وەرگێڕانی چەند کتێبێکە.